نێچیرڤان بارزانی و جێشوا هاریس: بەرژەوەندی هاوبەش، ئەمەریکا بە عێراق و هەرێم دەبەستێتەوە



نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێم و جێشوا هاریس، هەڤسۆنەری باڵیۆزخانەی ئەمریکا رایدەگەیەنن کە بەرژەوەندی و بەهای هاوبەش، ئەمەریکا لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان دەبەستێتەوە.

سەرۆکایەتی هەرێم لە راگەیەندراوێکدا باڵاویکردەوە، نیوەڕۆی ئەمڕۆ چوارشەممە 2026/2/18، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێشوازیی لە جێشوا هاریس، هەڤسۆنەری باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە عێراق و شاندێکی یاوەری کرد.

ئەوەش خراوەتەڕوو، لە کۆبونەوەیێکدا پێوەندیێکانی ئەمەریکا لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان، دوا پێشهاتەکانی پرسی سیاسی لە وڵات و دۆخی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، تاوتوێ کران.

بەپێی راگەیەندراوەکە، هەردولا جەختیان لە بڕودان بۆ پێوەندیێکانی ئەمەریکا لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان کردەوە، هەروەها هاوڵا بون کە بەرژەوەندی و بەهای هاوبەش ئەمەریکا لەگەڵ

عێراق و هەرێمی کوردستان دەبەستێتەوە. هەر لەمبارەیەوە باسیان لە بوارەکانی هاریکاریی نێوان هەردولا کرد.

هەمای بۆ ئەوەش کراوە، پەیوەندییەکانی هەولێرو بەغدا، گرنگیی یەکدێنگیی لایەنە کوردستانییەکان لە هەرێمی کوردستان و عێراق و دۆخی ناوچەکە بگشتی، تەوەری دیکەی کۆبونەوەکە بون.